کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:13 4-11-2007

**بەردەبازی ئەگەر... لە وولاتی فەوزدا... بێستون محەمەد سالح مستەفا**

(لە هەر شوێنێ هێز هەبوو، شوێنی بۆ ئەقڵ نامێنێتەوە) سینیکا

ئەگەر... کۆبوونەوەکەی ئەنقەرە کە سەبارەتە بە ئێراق، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو وولاتانی دراوسی و کۆمکاری عارەبی و ڕێکخراوی ئیسلامی و حەوت وولاتە پیشەسازییەکەی جیهان و مالیکی و... بەشدار و قسە و باس دەکری دەربارەی (ئەگەرەکان) ...

ئەگەر... وابڕوا ئەم کۆبوونەوەیە بەدڵی مەعالی ئۆردوگان و عەسکەری تورکیا نەبی، پی دەچی لە سەعاتی سفرا لەشکرکێشی بۆ کوردستان بکری، لی ئامۆژگاریمان بۆ خاتوو کۆندالیزارایس ئەوەیە کە ئاگادار بی ناوی (کوردستان) نەبا نەوا.. ئۆردوگان دڵی برەنجی!!!...

ئەگەر... بی بەرنامەو بی ماستەر پلان بین مەسەلەی ژینگە چارەسەر ناکری!!!... (هێشتا زووە)

ئەگەر هاوڵاتی هوشیار نەبی خزمەتگوزارییەکان سەرناگری!!... (با باوی عەرەبانەی دوو ئەسپی و تریشقەو کوڵە پشت و کۆپان بێتەوە تکایە دوای سەد ڕۆژی تر سەرمان لێبدەنەوە)

ئەگەر عەرەبییەکی زمان لوس و کوردزمانێکی تێك شکاو نەبی پۆست و لێپرسراویەتی نابینی!!... (بوختانە)

ئەگەر... بەهەزاران داری تەڕو ووشك نەبڕیتەوە دەیان بارەگەی پۆلیسی سنوور نابینی!!..

ئەگەر... شەقامەکانی شار ئەنفال و هاوڵاتی ناسك و خنجیلانە تۆز خواردو نەکری، سەرەو بلیتی چوونەژوورەوەی پشکنینی پزیشکە بەرێزەکان گرناگری!!!....

ئەگەر... ئاوو ئاوەڕۆو سووتەمەنی بە پیلانی پیلانداران ستۆك وقاتی نەبی هێکتارێك ئەرزی عەیارە هەزار دەفتەر بۆ بەنزینخانەی.... پرۆژەی تایبەتی سەرناگری!!... (بی چاوێنی بی حەتحەتۆکەی شین هەڵواسن) ئەری بەراست دەبی خاوەنەکەی کی بی؟؟!!...

ئەگەر ئەم هەموو کەناڵە ئاسمانیە نەبی بێژەرو ئامادەکەری بەرنامەی ڕۆتین و بی زەوق کاتی ئەم کۆمەڵگە چەقبەستووە تا سەحەر توشی سەرئێشەو خەو زران نابی و میوانی بەرنامەکەش تووشی سەرفی بەڵی نابی لەسەر ڕەقەم!!.

ئەگەر... پۆستی بەرزو بروانامەی پێچەوانەیی نەبی ئەم هەموو گزیرو ئامۆژگاری بێژە بۆ قوربەسەری ئێمە نارەخسی و حەواڵە بەگەواڵە ناکری، ئاخر دکتورا لە کشتوکاڵا بۆ خوا پێمان بڵێن هەقی بەسەر پەروەردەوە چیە؟؟!!..

ئەگەر... لە ڕۆژێکا هاوڵاتی موسریف و دەست ڕۆشتوو نەبی لە هەولێرە دێرینەکەی کوردستان بری 900تەن زبڵ و خاشاك کۆدەبێتەوە؟!!... هاوڵاتی بەرێز پێویستە هوشیار بیت تا بەرپرسان هوشیار بن و چاوەری ی دەرچوونی (قانونی یاساین) !!!... هەژ بەسەری ئێمەی کلۆڵ ئەمەیە بەرپرسی ژینگەو کوردی زمان!!.. لێگەرێن گەنجانی شارە تۆزاویەکەم... با دووکەڵی دەیان کارگە و دەیان پرۆژەی بەخێوکردنی مریشك و قەل و قازو مراوی و کەڵەباب بۆگەنی هەناسەی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە دووچار مان بی تا بە ئازارو گوڵە ژاکاوەکانی مانای تاسان و جەرگ سووتاوی بزانین!!..

ئەگەر ئۆردوگان بەرێز (بێژەرێکی کەناڵێکی ئاسمانی کوردی) بی دوور نیە قەندیل نەبێتە تۆرابۆرا!!..

ئەگەر... جوانترین بینا لە نێو جەرگەی شارا بۆ برا تورکمان و مامۆستا تورکەکان سازو ئامادەنەکری و منداڵانی ژێکەلەی شار لەنێو خانووی تەسك و بەکری و بی جادەو بی خزمەتگوزاری نەئاخنری.. هەر حاڵمان بەوە دەبی ئۆردوگان بڵی (پێویستە سەرۆکی هەرێم یا کوردستان یا تورکیا هەڵبژێری) !!.. دەبی بەڕای موحەلیلە سیاسیەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەبی ژی بی؟!!... (باسی مادەی مەتاتی مەکە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:13 4-11-2007

ئەگەر... بەرێز مالیکی (خوابیپارێزی) !!لە پشتی عەسکەری تورکیاو ناوزەندکردنی گەریلاکان بە تیرۆریست و پارانەوە بۆ رزگارکردنی بەڵێندەرەکانی ئەنفال و داکۆکیکردن لێیان خودای مەزن ئەبی ژێر کاسە و نهێنی ئەم باسە چی بی؟!!... (بچن لە بریمەرو یادەوەریەکانیا بگەرێن بەڵام توخوا وەك ئەو برادەرە خارجیە سووتاو بۆ داخلی پەشمەکی بەر کۆلێژی بازرگانی سلێمانی کەرای تایبەت نووسی تکایە بی ماستاو رۆن تکان)

ئەگەر... ئەم هەموو فەوزایە نەبی دووەم وولات لەسەر ئاستی دونیا بۆ نەوت، بەرمیلی نەوت لە بازارەکانی جیهانا بە 92 دۆلار (پاش ئەوەی کە چەندین جۆری جیا جیای لی دادەرێژری) کە چی بەرمیلی نەوت لە وولاتی بەحری نەوتا تەنها یەك جۆر لەو نەوتە نرخەکەی 130دۆلار بی!!... (هەیاران و مەیاران یاخوا داکەیتە باران بۆ.... )

ئەگەر... هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتی یەکان روو لە پووکانەوە نەکا، دەشی بەراووردی هاوسەرگیری لەنێوان ئەم چوار ساڵەی دوایی لە 8000گرێبەستەوە ببی بە 1900گرێبەست؟!!.. داواکارم لەو دکتۆرە بەرێزەی تەلەفزیۆنی پەروەردە کە هەموو شەوێك گوێمان دەئاخنین لە و هەموو قسەو باسەی کە بۆمانی دەکات (بەرێزەوە ئەمە بۆچوونی بەندە نیە بەڵکە بۆچوونی خواپێداوێکی هەڵتۆقیوی دنیای عەولەمەی کوردییە) بەڵکە هۆکارو گرفتەکان دەست نیشان بکات!!... بە پەروەردەش تێر ناخوا نۆرەی زاگرۆسە (خواپێداوێکی پیسکە)

ئەگەر... بەردەبازی ئەگەر نەکەین شاری خەونەکان لەم وولاتی فەوزایەدا دڵنیا بن لە شیمالی حەبیب و مانەوەی ئیراقی یەکگرتوو بۆ مەجلیسی سیاسی مقاوەمە تا بەرێزانی مەجلیس زویر نەبن (ئەم مەجلیسە تازە دامەزراوەو ساڵح موتڵەگ و کۆمەڵی لە تیرۆریستەکان کۆك و تەبان پێکەوە و بانگهێشتیش کراون تا دەرسی ئاقڵ بوون و ئەو ئەگەرانەی سەرەوەو دەیان ئەگەری تر لە گێژاوی گەورەترین گەندەڵیدا ستۆپێك پی بکەن و هێڵی سوورو گڵۆپی سوور شەقەی بی... ) دانیشن بەخێر لە چاوەروانی بەردەبازی ئەگەر لەم ولاتی فەوزایەدا !!....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.